

نەخۆشخانە گشتی‌و تا

گوندەکان کە خووی

ناکرێن تەنیا مەگەر کچ

# خەتەنەکردنی کچان بابەتێکی تابووە لە کوردستان!

**بەیان ناسیح**

دەسەڵاتی حیزبی‌و ئاینی‌و ڕێکخراوەکانی بەناوی ژنان خۆیان لەئاستی کێشەیەکی تری دژە مرۆڤایەتی کە دەرحەق بەکچە مناڵەکانی کوردستان دەکرێت کەڕکردووە. ئەوە بۆ چەندین جار ئامارو زانیاری زۆر لەسەر خەتەنەکردنی ژنان لە گەرمیان‌و ناوچەی پشدەر بڵاودەکرێتەوە. دوا بابەتیش ئەوە بوو کە ڕێکخەری ڕێکخراوی -وادی- فەلاح مورادخان لە **هاوڵاتی** ڕۆژی ١١ی جانیوەری ٢٠٠٩ کە ڕووناکی خستەسەر ئەو کەمتەرخەمییەی کە دەسەڵات دەینوێنێ لەمەڕ خەتەنەکردنی مێینە.

خەتەنەکردن بابەتێکی تابووەو زۆر کەس پێیان شەرمە باسی لێبکەن یان دانی پێدابنێن کە چەند بەربڵاوە لەهەندێ ناوچەی کوردستان. بەتایبەتی لەناو پیاواندا بە دەگمەن ناوی دەبرێ. چونکە کارەکە ژن ئەنجامی دەدات‌و هەر بەئامادەبوونی ژنان بەڕێوەدەچێ.

لەکۆمەڵگاش بەکارێکی باش‌و لەبەرژەوەندی کچدا قبوڵ کراوەو هیچ زانیارییەکیان نییە لەسەر زیانەکانی. ئەگەر بەوردی بیری لێبکەینەوە ئەو کارە چۆن دەکرێ چۆن هەردوو دەستی کچەکە دەگرن، چۆن دەیبڕن ئەوەندە وەحشەتناکە مەگەر تەنها ئەوانە بزانن چۆنە کە ئەو تاوانەیان بەرامبەر کراوە. کچێکی بچکۆلە بێنە بەر چاو، موسێك بەدەست پیرێژنێکی دەست‌و پەنجە قڵیشاوو وشك هەڵاتووەوە. هەر ژنێ خەتەنەکرابێت هەرگیز بیری ناچێتەوە.

کاری خەتەنەکردنی کچان لەمێژوودا زۆر کۆنەو بەپێی زانیارییەکان ئەم دابونەریتە لەپێش ئیسلامەوە هەبووە. لەناو ئاینی ئیسلامیشدا ئەگەرچی لەقورئاندا هیچ ئاماژەیەك بۆ خەتەنەکردن ناکرێ، بەڵام رابەرو مەلاکانی ئیسلام رای جیاوازیان هەیە لەسەر خەتەنەکردن. لەناو ئاینەکانی تریشدا باس لەخەتەنە ناکرێ، بەڵام لەهیچ شوێنێکیش لەدژی قسەیان نەکردووە.

خەتەنەکردنی مێینە داب‌ونەریتێکی تەمەن چەند هەزار ساڵییەو لەناو ئەو خێڵ‌و هۆزانەدا هەیە کە سیستمی پیاوسالاری بەرقەرارەو رەگەزی مێینە لەژێر دەسەڵاتی پیاودایە. خەتەنەکردن جۆری جیاوازی هەیە ئەویش بریتییە لەبڕینی ئەو بەشەی لەشی مێینە کەپێی دەوترێ قیتکە یان میتکە یان بڕینی هەدوو لێوی ئەندامی ژن‌و دوورینەوەی بەدەم یەکترەوەو هێشتنەوەی کونێکی بچکۆڵە بۆ میزکردن تا کاتی شووکردنی ئەو کچە. ئەمەش ترسناکترین شێوەی خەتەنەکردنە کە لەهەندێ حاڵەتدا دەبێتە هۆی مردن. ئەم جۆرەیان داب‌ونەریتی هەندێ لەهۆزەکانی ئەفریقایە وەکو سۆماڵ‌و ئەریتیریا.

بەپێی راپۆرتێکی ڕێکخراوی ئامنیستی (منظمة العفو الدولية) ساڵانە ١٣٥ ملیۆن کچ لەدنیادا خەتەنە دەکرێ، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێیانوایە هەموو ساڵێ دوو ملیۆن ژن خەتەنە دەکرێ. جۆری خەتەنەکردن‌و تەمەنیش بەپێی وڵات‌و هۆزو خێڵ دەگۆڕێ.

داب‌ونەریتی خەتەنەکردن لەبەشی زۆری وڵاتە ئەفریقیەکان هەیە. هەروەها لەهەندێ وڵاتانی نیوە دوورگەی عەرەبی وەکو یەمەن، عومان، ئیماراتی عەرەبی‌و بەحرەین، میسرو عێراق (کوردستان). هەروەها لەئەندۆنیسیاو مالیزیا، لەناو هەندێ خەڵکی موسڵمانی پاکستان، هندستان و فیلیپینشدا هەیە.

هۆی سەرەکی خەتەنەکردن دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەوەسی سێکسی لەلای کچان‌و ژنان. ئەم کارە ئەگەرچی لەپێناو دەسەڵاتی پیاودا دەکرێ، بەڵام هەر لەسەرەتاوە ژن جێبەجێی کردووە. لەزۆربەی ئەو وڵاتەنەدا ژنان هەن خۆیان فێری پیشەی خەتەنەکردن دەکەن. هەندێ جاریش مامان یان دکتۆر ئەو کارە دەکات. ئەو ئامێرانەشی کە بەکاردێن لە موس‌و چەقۆ پێکهاتووە. ئەوجۆرەی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا باوە بڕینی میتکەیەو زیاتر موسیش بەکاردێت بۆ بڕینی. لەکودستاندا واباوە لەتەمەنی چوار، پێنج، شەش ساڵیدا کچان خەتەنە دەکرێن. کاری خەتەنکردنەکەش زۆر بەبێ دەنگی دەکرێ. زۆرجار پیاوەکانی ناو خێزانەکە پێنازانن کەی کچەکان خەتەنەکراون.

ئەو ژنانەی خەتەنەکراون تووشی کاردانەوەی جیاواز دەبن لەئەنجامی ئەو دەستدرێژییەدا. بۆ نموونە لەڕووی تەندروستییەوە کاری دەست‌و دەستبەجێی خەتەنە ئەوەیە ئەو کچە تووشی ئازارێکی زۆرو شۆك دەبێت. هەندێکیان تووشی حاڵەتی دەروونی دەبن. شوێنی ئەو برینەش هەر دەمێنێت‌و ون نابێت.

لەڕووی سێکسوالیتەوە: خەتەنەکردن هەوەسی سێکسی ژن نامرێنێ، بەڵام چێژوەرگرتنی کەمدەکاتەوە. بۆ ژیانی هاوسەریش کاردانەوەی خراپی هەیە لەکاتی جووتبووندا. لەڕووی رووحیەوە خەتەنەکردن جۆرێکە لەدەستدرێژی‌و توندوتیژی، کاتێ ئەو کارەت لەگەڵ دەکرێ وەکو مناڵێ زۆر بێ دەسەڵاتی‌و ناتوانی بەرگری لەخۆت بکەی. ئەو برینەشی لە لەشت دەکرێ شوێنەواری بۆ هەتاهەتاییە.

دابو نەریتێك لەسەر پێگەی ئەوەی کە تۆ کچی‌و دەبێت بەشێکت لێبکرێتەوە بۆ ئەوەی کە گەورەبووی چێژ لە سروشتیترین پێویستی مرۆڤایەتی نەبینی زۆر زاڵمانەیەو دەبوایە ئێستا لەجیهاندا بەم شێوەیە نەبوایە کە ئەمڕۆ هەیە. ئەم دابو نەریتە رەگو ریشەی لەکوردستانیشدا چەقیوەو دەبێ هەڵکەندرێ. دەبێ واتەماشای بکرێ کە بڕینی میتکەی کچێك وەك بڕینی پەنجەیەکی وایە هەردووك بەشێکن لەلەشی‌و کەس بۆی نییە لێی بکاتەوە.

زۆر درەنگە بۆ کۆمەڵگای کوردی‌و حکومەت کەهەر ئەمڕۆ کاری دەم‌و دەست ناکەن بۆ راگرتنی خەتەنەی کچان. کاری هاوبەش پێویستەو ڕێکخراوی وادی ئەو شەختەو زوقمەیان شکاندووە کە ئیتر نابێت بێدەنگی بکرێ لەئاستی ئەو تاوانەدا.

یاسایەکی تایبەت بەقەدەغەکردنی خەتەنە زۆر پێویستە تاوەکو سیگناڵێ ئەو کارە بەتاوان ناوببات‌و قەدەغەی بکات. کاری راستەوخۆو دروستکردنی رای گشتی خەڵکی لەدژی ئەو دابونەریتە کۆنە گرنگەو کەمپەینی هوشیاری لەڕادیۆو تەلەفزیۆنەکانەوە شوێنی خۆی دەگرێ.

کەم نین ئەو ژن‌و کچانەی بەتەمەنی لاوی‌و گەورەیی تووشی زەبرو زەنگی بێبەزییانەی کۆمەڵایەتی‌و خێزانی دەبنەوە با هەوڵدەین منداڵیان خوێناوی نەبێ‌و ئەو دابونەریتە فڕێ بدەینە زبڵخانی مێژووەوە.